ناساندن

**باهۆز مستەفا**

# هێرتا مولەر

## هەڵگری خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیی ساڵی ٢٠٠٩


herta molar

هێرتا مولەر نووسەری رۆمانی - ئەڵمانی ئەو ژنە نووسەرەیە، کە توانیی دژایەتی رژێمی دکتاتۆری شاوشیسکو بکات و ملکەچی داخوازییەکانی دەزگا ئەمنییەکانی نەبێت و خۆی ئازاد بکات، ئەم ئازادییەش کردی بە دیارترین نووسەری جیهان لە ساڵی ٢٠٠٩ نووسینەکانی هێرتا بۆ بیست و چوار زمانی جیهانی وەرگێڕدراوە. لە ساڵی ٢٠٠٩ رۆمانی «هەڵبەز و دابەزی هەناسە» گەیشتە فینال لە خەڵاتی کتێبی ئەڵمانیا و لە ریز شەش باشترین رۆمان دانرا لە ئەڵمانیا، کە باسی بەسەرهاتی گەنجێکی حەڤدە ساڵان دەکات لە کاتی گواستنەوەی زۆرەملێ بۆ ئۆردوگاکانی یەکێتی سۆڤیەت و ژیانی لە نێو ئەم ئۆردوگایە و هەروەها باسی چارەنووسی ئەڵمانەکانی رۆمانیا دەکات لە جەنگی دووەمی جیهانی.

هێرتا لە ١٧ی ئاوگستی ١٩٥٣ لە «نیتسکیدۆرف» لە رۆمانیا لە دایک بووە. نووسەرێکی ئەڵمانە بە زمان و رەچەڵەک.

**لە ١٠ دێسێمبەری ٢٠٠٩ خەڵاتی نۆبڵ لە ئەدەب وەردەگرێت.**

هێرتا مولەر لە «باناتەر شڤێبین» کە کەمینەی ئەڵمانن لە رۆمانیا هاتووەتە دنیا و هەر لەو ناوچەیەش «بانات» لە دایک بووە. باپیرە

گەورەی هێرتا جووتیار و بازرگانێکی دەوڵەمەند بووە، بەڵام ڕژێمی کۆمەنیستی ئەو کاتەی ڕۆمانیا دەستی بەسەر موڵک و ماڵیدا گرتووە، هەروەها دایکی هێرتا چەندین ساڵ کاری زۆرەملێی پێ کراوە لەلایەن ئەم ڕژێمەوە. باوکی دوای تەواوکردنی خزمەتی سەربازی بژێویی لەسەر شۆفێری بووە. هێرتا دوای تەواوکردنی ئامادەیی دەچێتە زانکۆی تیمشۆئارای ڕۆژئاوایی بۆ خوێندنی «گێرمانیستیک و ئەدەبی ڕۆمانی». لە ساڵی ١٩٧٦ هێرتا دەستی بە کاری وەرگێڕان کرد لە یەکێک لە کۆمپانیاکان، بەڵام لە ساڵی ١٩٧٩ بەهۆی ڕەتکردنەوەی کارکردن لەگەڵ دەزگا ئەمنییەکانی ڕژێمی کۆمەنیستی لەسەر کار دەرکرا. دوای ئەوە هێرتا دەستی بەوانەوتنەوە کرد لە قوتابخانە و باخچەی ساوایان و زمانی ئەڵمانی بۆ پەیداکردنی بژێویی خۆی.

یەکەم کتێبی هێرتا مولەر بە تایتڵی « دابەزین» لە ساڵی ١٩٨٢ لە ڕۆمانیا لە ژێر سانسۆرێکی ئێجگار زۆر بڵاو بووەوە. لە ساڵی ١٩٨٧ هێرتا لەگەڵ هاوسەری پێشووی « ریچارد ڤاگنەر»ی نووسەر بۆ هەمیشەیی ڕوویان کردە ئەڵمانیا، هەر دوای ماوەیەکی کەم لە زۆربەی قوتابخانە و زانکۆکان داوای لێ کرا کە کاریان لەگەڵ بکات. لە ساڵی ٢٠٠٥ هێرتا لە زانکۆی ئازاد لە بەرلین پرۆفیسۆری میوان بوو، ئەو شوێنەی ئێستاش تێیدا دەژیت. هەروەها هێرتا ئەندامی یەکێتی نووسەرانی جیهان بوو تا ساڵی ١٩٩٧ کە خۆی لەو یەکێتییە چووە دەرەوە، هەروەها لە ساڵی ١٩٩٥وە ئەندامی ئەکادیمیای ئەڵمانییە بۆ زمان و شیعر. لە ساڵی ٢٠٠٨ هێرتا ڕەخنەیەکی توندی ئاراستەی «ئینیستوتی ڕۆمانی بەرلین» کرد، لە بەرامبەر داوەتکردنی مێژوونووس «سۆرین ئانتۆی» و ئەڵمانیناس «ئاندرێ کۆربێ-هۆیشی» کە هەردووکیانی بە خزمەتکار و جاسووسی ڕژێمی کۆمەنیستی ڕۆمانی تاوانبار کرد. هەر لە چوارچێوەی ئەم شەڕە گفتوگۆیە، فەیلەسووف و نووسەری ڕۆمانی ناوچەی بانات (کارل گیبسۆن) هێرشی کردە سەر هێرتا و داوای لێ کرد کتێبەکانی ئەو بخوێنێتەوە کە لە سەردەمی ڕژێمی کۆمەنیستی شاوشیسکۆ نووسراون لەوانە کتێبی « سەمفۆنیای ئازادی» هەروەها کتێبی « سیستەمی دڵسۆزی یاسا».

هەروەها لە ساڵی ٢٠٠٨ هێرتا مولەر لە ڕۆژنامەی «دی تسایت» نووسینێک بە تایتڵی «هێزە ئەمنییەکان هێشتا لە کارن» بڵاو دەکاتەوە و کۆمەڵێک بەڵگە و دۆکومێنتی ئەو ڕژێمە ئاشکرا دەکات و باسی کارە ترسناکەکانی ڕژێمی کۆمەنیستی ڕۆمانی شاوشیسکۆ دەکات، کە چۆن خەڵکیان چەوساندووەتەوە و ئازاری خۆی و کەسوکاری ئەو و زۆربەی خەڵکیان داوە، هەروەها مەلەفی کۆمەڵێک کەس ئاشکرا دەکات کە لەگەڵ ئەو ڕژێمە کاریان کردووە.

## هەندێ لە بەرهەمەکانی هێرتا مولەر

دابەزین – بوخارست ١٩٨٢

پاڵەپەستۆی تانگۆ – بوخارست ١٩٨٤

رێبوارێ لەسەر یەک پێ – بەرلین ١٩٨٩

فێبرێوەری پێخواست – بەرلین ١٩٨٩

شەیتانی بەر ئاوێنە – بەرلین ١٩٩١

رێوی جاران راوچی بوو – هامبۆرگ ١٩٩٢

برسییەتی و حەریر – هامبۆرگ ١٩٩٥

لە نێو کەمیندا – گوتنگن ١٩٩٥

پاشا سەر دادنوێنێ و دەکوژێت – مونشن ٢٠٠٣

هەڵبەز و دابەزی هەناسە – مونشن ٢٠٠٩

هێرتا مولەر جگە لە شیعر و چیرۆک و رۆمان، رەخنە و لێکۆڵینەوەی زۆری نووسیوە و بڵاو کردووەتەوە، هەروەها جگە لە خەڵاتی نۆبڵ خاوەن کۆمەڵێک خەڵاتی ترە کە هەموو ساڵێک خەڵاتێکی بەدەست هێناوە هەندێ لەوانە:

خەڵاتی ئادەم– مولەر ساڵی ١٩٨١

خەڵاتی ئەدەبی بوارەکان ساڵی ١٩٨٤

خەڵاتی ئەدەبی راوریزە ساڵی ١٩٨٥

خەڵاتی ئەدەبی شاری برێمن ساڵی ١٩٨٥

خەڵاتی ریچارد هوخ ساڵی ١٩٨٧

خەڵاتی زمانی ئەڵمانی بەهاوبەشی ساڵی ١٩٨٩

خەڵاتی رەخنەی ئەڵمانی ساڵی ١٩٩٢

خەڵاتی ئەدەبی ئەوروپی ساڵی ١٩٩٥

خەڵاتی فرانس کافکای شاری کلوسترنبێرگ ساڵی ١٩٩٩

خەڵاتی کۆنراد ئەدەناوە ساڵی ٢٠٠٤

خەڵاتی ئەدەبی شاری بەرلین ساڵی ٢٠٠٥

خەڵاتی شاری دوسلدۆرف ساڵی ٢٠٠٩